**١٧ی مای ڕۆژی نیشتیمانیی، وە ڕۆژی لەدایکبوونی نەرویجە**



<u>بۆچی لە ١٧ی مای ئاهەنگ دەگێرین؟</u>

کاتی خۆی نەرویج بۆ ماوەی ٤٠٠ سال بەشێک بوو لە وڵاتی دانمارک. پاشای دانمارک بە پێی دەستووری دانمارکی نەرویجی بەڕێوەدەبرد و بڕیارەکانی دەردەکرد. لە ساڵی ١٨٨٤دا ڕووداوگەلێکی زۆر لە ئەوروپادا ڕوویاندا. هەربۆیە نەرویج توانی لە ١٧ی مانگی مای ١٨١٤دا دەستووری خۆی بنووسێتەوە. بەو جۆرە نەرویج بۆی هەبوو بڕیار و دەسەڵاتی بەسەر خۆیدا هەبێت

دەستوورەکە لە هۆڵی دەوڵەت لە بینای ئەیدسڤۆل نووسرایەوە. ١١٢ (سەد و دوانزە) کەس لە پیاوانی دەوڵەت لە ئەیدسڤۆڵ کۆبوونەوە، هەر ئەوانیش بڕیاریاندا پاشای وڵاتی نەرویج دیاری بکەن. هەربۆیە شازادە کریستیان فرێدریکی دانمارکییان بە پاشای نەرویج هەڵبژارد.

لە دوای ساڵی ١٨١٤ ئیتر ١٧ی مای بووە ڕۆژی نیشتیمانی. ئەو ڕۆژە بە فەرمی بۆتە ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژێکی پشووە. قوتابیان لەو ڕۆژەدا ناچنەوە قوتابخانە و زۆرینەی خەڵکانی دیکەش لە کار پشوویان هەیە.






**وێنە: وێنەکەی لای ڕاست هۆڵی دەوڵەتە لە بینای ئەیدسڤۆل، کە ١١٢ کەس لە پیاوانی دەوڵەت لە ١٧ی مای ١٨١٤ بۆ نووسینەوەی دەستوور تیایدا کۆبوونەوە. وێنەکەی لای چەپیش بینای ئەیدسڤۆڵە لە دیوی دەرەوەی بیناکە.**

## پۆشاکی ئاهەنگگێران

 

وێنە: tv:Knud Knudsen [CC BY 2.0 (https://creativecommons.org/licenses/by/2.0)], th: Wikipedia, cc commons

لە رۆژی نیشتیمانیدا، شتێکی ئاساییە کە خەڵکی جوانترین جلوبەرگەکانیان لەبەرکەن. زۆرکەسیش پۆشاکی میللیی ناسراو بە "بوناد/Bunad" دەپۆشن. لەبەرکردنی پۆشاکی بوناد پێش سەد ساڵێک زیاتر لەمەوبەر دەستی پێکردووە. بۆ پیرۆزکردن و ئاهەنگگێڕان بەم ڕۆژە کە ڕۆژی سەربەخۆیی نەرویجە لە ساڵی ١٩٠٥ بە دواوە گەورەکان پۆشاکی بوناد دەکەنە بەری منداڵەکانیان. بیرۆکەی لەبەرکردنی ئەم پۆشاکی بونادە لەو پۆشاکە میللییانەوە وەرگیراوە کە جووتیارەکان لە ساڵانی ١٨٠٠دا لەبەریان دەکرد.

## ڕێپێوانی ١٧ی مای



لە ١٧ی مای منداڵانی قوتابخانە بە ڕێپێوان دەڕۆن و هاوکات بە شەکاندنەوەی ئاڵای نەرویجەوە گۆرانی دەڵێن. لەزۆر شوێنیش گرووپی موزیکی منداڵان "کورپس" لە ڕێپێوانەکاندا موزیک دەژەنن. ماوەی زیاتر لە ١٤٠ ساڵە منداڵانی قوتابخانە سروودی نیشتیمانیی "بەڵێ، ئەم وڵاتەمان خۆشدەوێت" دەڵێن. تێکستی سروودەکە ساڵی ١٨٥٩ (بیۆرنستێرنە بیۆرنسون) نووسیویەتی. چوار ساڵ دواتر ئامۆزای بیۆرنستێرنە، (ڕیکارد نوردرۆک) ئاوازی بۆ تێکستەکە دانا. لە ١٧ مای گەلێک وتار لە قوتابخانە و باخچە و سەنتەرەکاندا دەخوێنرێنەوە و چالاکی جۆراوجۆر سازدەدرێت. ١٧ی مای بە ڕۆژی منداڵانیش ناودەبرێت چوونکە منداڵان ساردەمەنی و شیرینی و سۆسج دەخۆن.



<u>ئاهەنگگێرانی دوا قۆناغی ئامادەیی (ڕووس)</u>

قوتابیانی دوا قۆناغی ئامادەیی کە پێیان دەگوترێت ڕووس بە بۆنەی کۆتایی هاتنی خوێندنی ئامادەییەوە ئاهەنگ دەگێڕن. ئەوان پێیان وایە کە پاش ١٣ ساڵ خوێندن لە قوتابخانە، شایستەن کە بۆ خۆیان ئاهەنگ بگێڕن. هەر بۆیە پۆشاکی تایبەت بە خۆیان لەبەر دەکەن. لەسەر پۆشاکەکانیان بە ماجیک سڵاو بۆ یەکتری دەنووسن. لە مانگی پێنجدا گەلێک ئاهەنگی جۆراوجۆر ساز دەدەن. وێنەی جۆراوجۆری خۆیان دەگرن و بە پاسی تایبەت دێن و دەچن و دەنگی موزیکی تەجیلی پاسەکانیان بەرز دەکەنەوە. هەندێکیشیان گاڵتە و گەپ لەگەڵ مامۆستاکانیاندا دەکەن و لە ١٧ی مای بەیانی زوو دەچن لە خەو هەڵیان دەستێنن. هەروەها لە هەمان ڕۆژدا کە ڕۆژی نیشتیمانییە بە گرووپ دەچنە ڕێپێوانەکان و سەما و چالاکیی سەیر و تایبەت ساز دەکەن.

<u>خێزانی پاشا</u>

پاشای نەرویج ناوی هارالدە و هەموو ساڵیک لە ١٧ی مای لەگەڵ ئەندامانی دیکەی خێزانەکەیدا لە کۆشکی پاشایەتی ڕادەوەستن. ئەم ڕۆژی ئاهەنگگێرانە یەکێکە لە ڕۆژە پڕ سەرقاڵییەکانی ماڵی پاشا. بۆ چەندین سەعات بەپێوە سڵاو لە ڕێپێوانکەران دەکەن، هەربۆیە شتێکی سەیر نابێت گەر لە کۆتایی ئەو ڕۆژەدا دەست و مەچەکیان ماندوو بێت. بۆ ماوەی زیاتر لە سەد ساڵە ماڵی پاشا لە ١٧ی مای لە کۆشکی پاشایەتی ڕادەوەستن و سڵاو لە خەڵکی ئاهەنگگێر دەکەن.



ئایا دەتوانیت وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەیتەوە؟

تێکستی سروودی نیشتیمانیی
نەرویج لەلایەن:
(                    ) نوووسراوە

ڕۆژی نیشتیمانیی نەرویج
دەکەوێتە ڕێکەوتی:

ئەو شوێنەی کە دەستووری
نەرویجی لێ نووسرایەوە ناوی:

ئاوازی سروودی نیشتیمانیی نەرویج
لەلایەن: (                    ) داندراوە.

نەرویج لە ساڵی (        )
دەستووری تایبەت بە خۆی
نووسییەوە.

ئەوانەی لە کۆشکی پاشایەتیی
ڕادەوەستن و سڵاو دەکەن
پێیان دەوترێت:

سروودی نیشتیمانیی نەرویج
ناوی:

لە ١٧ی مای ئەم شتانە دەخۆم:

ئەو گەنجانەی ئاهەنگ دەگێن بە
بۆنەی تەواوکردنی قۆناغی
خوێندنی ئامادەیی پێیان
دەوترێت:

